ڕووداو
ئەدەب و كولتوور
ژمارە (24) دووشەممە 2017/6/19
email: bijar.hekim@rudaw.net
www.rudaw.net

ژمارەی داهاتوو:
» هەڤپەیڤینێک لەگەڵ نەزەند بەگیخانی
» تریفە کەریمییان لە پێرفۆرمانسی» لێ لێ» دا

# دڕندەكانی جۆیس كارۆل دەكرێتە كوردی




ئا: ئەدەب و کولتوور

هەژار عوسمان، وەرگێڕی ڕۆمانی رووەکی، ڕۆمانی دڕندەکان- ی جۆیس کارۆل ئۆتسی وەک یەکەم ڕۆمانی ئەم ڕۆماننووسە ئەمەریکییە کردووە بە کوردی و لە ئایندەیەکی نزیکدا ناوەندی غەزەلنووس چاپ و بڵاوی دەکاتەوە.

دڕندەکان چیرۆکی کچێکی لاو دەگێڕێتەوە بەناوی گیلیان براوەر، خوێندکاری کلاسی شیعر کە دەکەوێتە داوی خۆشەویستی (هەوەسبازی) پرۆفیسۆرە لەخشتەبەرەکەی، ئەندرێ هارۆ. هەروەتر دەکەوێتە داوی جۆرە پێوەندییەک لەگەڵ ژنە پەیکەرتاشە فەڕەنسییەکەی پرۆفیسۆر هارۆ بەناوی دۆرکاس. هەر بەتەنیا گیلیان نا، بەڵکوو هاوڕێ و هاوپۆلەکانیشی، کە هەوڵ دەدەن رۆژ دوای رۆژی ژیانیان بگوزەرێنن لە کەتەماونت کۆلێج. کچەکان هێواش هێواش دەکەونە نێو جادووی ئەندرێ هارۆی مامۆستایان و ژنەکەی، کە بەنۆرە لەخشتەیان دەبەن.

چیرۆکەکە لە پاش سی ساڵان بینینەوەی تەوتەمێکی دارینی کۆنینەی فیگەر مێیینە و منداڵەکەی لە مۆزەخانەی لۆڤەر دەستپێدەکا. لێرەوە ئۆتس بەبێ ئەمسەر و ئەوسەر خوێنەر پەلکێشی نێو چیرۆکی کابووس، تەوتەم و تابوو، خۆشەویستی، ئاگر، هونەر، سێکس و شیعرەکانی دی. ئێچ. لاورێنس دەکا.

جۆیس کارۆل ئۆتسی ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و شاعیر، دوای بەڕێکردنی 79 ساڵ تەمەن و نووسینی زیاتر لە سەت کتێب، هێشتایش لە زانکۆی پرینستن وانەی ئەدەبیات و تەکنیکی نووسین دەڵێتەوە و لە ماوەی ژیانی نووسیندا چەند خەڵاتێکی گەورەی وەرگرتووە، لە ناویشیاندا؛ خەڵاتی کتێبی نێونەتەوەیی، خەڵاتی ئۆ هێنری. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ساڵانێکی زۆرە بەربژێری ئەمەریکایە بۆ خەڵاتی نۆبێل.

جۆیس کارۆل لە وەڵامی نامەی هەژار عوسمانی وەرگێڕ سەبارەت بە وەرگێڕانی ڕۆمانەکە، نووسیویەتی: " تۆ لەلایەن منەوە ڕێپێدراویت و هیوای بەختێکی باشت لە وەرگێڕانەکەدا بۆ دەخوازم."

# فەریبا وەفی
## خەڵاتی لیت پرۆمی ئەڵمانی وەردەگرێ



ئا: ئەدەب و کولتوور

فەریبا وەفی، خانمە ڕۆماننووسی دیاری ئێران لەلایەن دامەزراوەی " لیت پرۆم"ـی ئەڵمانی خەڵاتی ئەدەبیی باشترین نووسەری زمانە بێگانەکانی بۆ ساڵی 2017 پێ بەخشرا و خەڵاتەکەش تایبەتە بەو نووسەرانەی کە بەزمانی بێگانە بەرهەمە ئەدەبییەکانیان بڵاودەکەنەوە.

خەڵاتی لیت پرۆم ساڵانە بەڕێوەدەچێت و تایبەتە بەو نووسەرانەی کە زۆرترین خوێنەریان هەیە. دیاریکردنی براوەی خەڵاتەکەش لەلایەن زۆرینەی خوێنەرانەوە دەبێت کە ئەوان مانگێک بەر لە ڕێوڕەسمەکە دەنگ لەسەر نووسەرەکە دەدەن.

وەرگرتنی خەڵاتەکەی فەریبا وەفی بۆ کورتە ڕۆمانی " تەرلان" بوو کە بۆ زمانی ئەڵمانی وەرگێڕدراوە و لە ڕۆمانەکەدا چیرۆکی کچێک بەناوی تەرلان دەگێڕێتەوە کە دەیەوێت ببێت بە پۆلیس و چیرۆکەکە مێژووی ڕووداوەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران و دەرچوونی شا لە ئێران دەگێڕێتەوە.

فەریبا وەفی، ساڵی 1963 لە تەورێز لەدایکبووە. ڕۆماننووس و چیرۆکنووسە، (باڵندەی من) و (خەونەکانی تەبت) لە دیارترین کارەکانی ئەون. فەریبا چەندین خەڵاتی ئەدەبیی لەسەر ئاستی ئێران و لە دەرەوەی ئێران بەدەستهێناوە. بەشێکی بەرچاو لە کتێبەکانی بۆ چەندین زمانی جیهانیی وەک ئینگلیزی، ڕووسی، عەرەبی، تورکی، ژاپۆنی و سوێدی وەرگێڕدراون.

## باسی ژیانی پەنابەران لە ئەمریکا دەکات
# ئیزابێل ئەلێندی
## ڕۆمانێکی نوێ بڵاودەکاتەوە



ئا: ئەدەب و کولتوور

نووسەر و ڕۆماننووسی بەناوبانگی ئەمریکای لاتین ئیزابێل ئەلێندی ڕۆمانێکی نوێی بەناوی (دوور لە زستان) بڵاوکردەوە کە لە یەکەم چاپیدا سێسەت هەزار دانەی لێ چاپ بووە.

ڕۆمانی دوور لە زستان چواردەهەمین ڕۆمانی ئەلێندییە و سی و پێنج ساڵی تەواو پاش یەکەمین ڕۆمانی ئەو خانمە ڕۆماننووسە دێت بەناوی ماڵی ڕۆحەکان کە یەکێکە لە ناودارترین کارەکانی.

ئەلێندی لەسەرانسەری دنیادا زیاتر لە شەست و پێنج ملیۆن دانە لە بەرهەمەکانی چاپ بوون و بۆ زیاتر لە سی و پێنج زمانی زیندووی دنیاش وەرگێڕدراون. بەوجۆرەش ئەلێندی ناودارترین و پڕ جەماوەرترین ئەدیبی ئیسپانیزمانە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا.

ڕۆمانە نوێیەکەی ئەلێندی کە بەشداریی حەفتاوشەشەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێبی مەدریدی کرد لە ئیسپانیا، وا بڕیارە پاییزی داهاتووش لە ئەمریکا بڵاوببێتەوە.

ئیزابێل ئەلێندی لە2 ی ئۆگێستی 1942 لە چیلی لەدایک بووە و لەساڵی 1988ـەوە لەئەمریکا دەژیت، نووسەر و ڕۆماننووسە و بەنووسینی سیحراوی و سەرنجڕاکێش ناوی دەرکردووە. خاوەنی چەندین خەڵاتی ئەدەبییە لە چیلی، ئیسپانیا و ئەمریکا. چوار ساڵە ناوی لە لیستی ئەو نووسەرانەدایە کە کاندید دەکرێن بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیات.

# خوێندنەوەیەک بۆ رەخنەی ئەدەبی



عەبدولخالق یەعقووبی

"بۆچی" وەک ئامرازی پرسیار لە زمانی کوردیدا هەڵگری دوو واتایە: یەکەم، بە مانای why ی ئینگلیزی، واتە "لەبەر چی؟"، و دووەم بە مانای for what واتە "لە پێناوی چی؟". هەر بۆیە دەبێت یەکەمجار باسی ئەوە بکرێت کە دەلیلی نووسینی رەخنە چییە و پاشان بگوترێت بۆ چ مەبەستێک و بۆ گەیشتن بە کام ئامانج رەخنە دەنووسرێت. پرسیاری یەکەم لە هۆکاری نووسینی رەخنە دەپرسێت، پرسیاری دووەم لە ئاکامی؛ پرسیاری یەکەم رووی لە رەگوڕیشەکانی نووسینی رەخنەیە، پرسیاری دووەم لە ئەنجام و ئامانجەکانی نووسینی رەخنە دەکۆڵێتەوە. بەڵام باشتر وایە بەرلەوەی باس لە "بۆچییەتی" نووسینی رەخنە بکرێت، "رەخنە" خۆی وەک چەمکێکی تیۆریک و پراکتیک بەسەربکرێتەوە. کەواتە، شوێنی خۆیەتی پرسیار بکرێت "رەخنە چییە؟". رەخنە لە یەکەم هەنگاودا "دەقێکە لەسەر دەق". ئەم پێناسە خێرایە چەند خاڵێکمان دەخاتە بەردەست: یەکەم، رەخنە بە حوکمی ئەوەی خۆی دەقە، کەواتە مەوجودییەتێکی زمانیی هەیە، واتە لەنێو سیستمی زماندا کار دەکات و دەجووڵێتەوە. دووەم، رەخنە دەقێکە دوابەدوای ئەو دەقە دێت کە لێی دەدوێت. واتە بوونی دەقی رەخنە پابەندی بوونی ئەو دەقەیە کە لەسەری دەنووسێت. بە دەربڕینێکی دی، رەخنە لەو سەرەوە کە خۆی دەقە، کیانێکی زمانی و جیهانێکی مانایی سەربەخۆیە، بەڵام لەو سەرەشەوە کە دەربارەی دەقێکە لێی دەدوێت و بە بۆنە و بیانووی ئەو دەقەی کە دەگەڕێتەوە سەری دێتە ئاراوە، مەوجودییەتێکی وابەستەی هەیە. کەواتە، رەخنە دەقێکە دەربارەی دەقmeta-text ، زمانێکە دەربارەی زمان meta-language، لێرەوە پارادۆکسێکی سەرنجڕاکێش خوویا دەبێت: دەقی رەخنەییcritical text بوونێکی سەربەخۆی وابەستەیە، سەربەخۆ لەوەی کە خۆی دەقە و لەنێو سیستەمی زمانیی خۆیدایە و لە مانا و مانەوەیدا خۆبژێوە و وابەستە لەوەی کە دەقێکە، بە پێچەوانەی دەقێکی داهێنەرانە creative text ناگەڕێتەوە بۆ سەر خۆی، بەڵکو ئاراستە و ئاماژەی بۆ دەرەوەی خۆیەتی، بۆ ئەو دەقەی لێی دەدوێت و بۆ ئەو سیستەمە زمانییەی کە سیستەمی زمانیی دەرەوەی خۆیەتی.

رەخنە، کەواتە، سیستەمێکە پێکهاتوو لە نیشانەی زمانی نەک دەربارەی خودی ئەو سیستەمە لە نیشانەی زمانییە، بەڵکو دەربارەی سیستەمێک لە نیشانەی زمانیی دەرەوەی خۆی کە لێی دەدوێت و پێی دەدوێت. لەم سۆنگەیەوە، مەنتیقی ئاخافتنی رەخنە مۆنۆلۆگ نییە، بەڵکو دیالۆگە. دەقی رەخنەیی لە دەنگی خۆیەوە دەگات بە دەنگی دەقی داهێنەرانە و لە دەنگی دەقی داهێنەرانەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر دەنگی خۆی. رەخنە، بەو مانایە و بە زمانی خوازەیی، بریتییە لە گەمەی تۆپ تۆپێنی نێوان دەنگی دنیای دەق و دەنگی جیهانی رەخنە. رەخنە تاکبێژی نییە لەسەر دەق، بەڵکو دانوستانە لەگەڵ دەق؛ گرتنی شتێک نییە لە دەق (ئەو واتا لاوەکییەی کە لە دەستەواژەی "رەخنەگرتن"دا خۆی مەڵاس داوە، هەربۆیە پێموایە "رەخنەکاری" لە "رەخنەگرتن" و "رەخنەکار" لە "رەخنەگر" دروستتر و پڕبەپێستترن لە هەمبەر واتای گشتیی رەخنەدا. هەڵبەت شایانی سەرنجە دەوری پتر لە سەد ساڵ لەمەوپێش، حاجی قادری کۆیی-ش بەم شێوەیە ئاماژە بە واژە و واتای رەخنەگر دەکات: ئەوی حەسوود و جەهوولن، لەئیم و رەخنەگرن لە عەیب و رەخنەی عالیم بەری دەبن ئودەبا)، بەڵکو گۆڕینەوەی شتەکانە لەگەڵ دەق. پێوەندیی رەخنە بەو دەقەی لێی دەدوێت پێوەندییەکی دوو لایەنەی هاوکارانەیەcooperative mutual relationship رەخنە لە شتێک دەدوێت کە دەق لە خۆیدا هەڵیگرتووە. رەخنە دەق دەهێنێتە دووان، لە هەمان کاتدا کە دەق رەخنە بۆ دووان دەورووژێنێت. رەخنە دەنگێک دەستێنێت و دەنگێک دەداتەوە. بەم مانایە، رەخنە دەنگدانەوە و رەنگدانەوەی دەقە، واتە جۆرێک پەرچەکردار؛ بەڵام ئەم پرۆسەیە خۆی پاژێکە لە دەنگ و رەنگی خودی رەخنە، یانی چەشنێک کردار. بۆیە رەخنە کردارە لەسەر کۆڵەکەی بوونی رەخنەیی خۆی و پەرچەکردارە لەسەر بنەمای وابەستەبوونی بەو دەقەی لێی دەدوێت و لەگەڵی دەدوێت. ئاکامی وێککەوتنی ئەم کردار action و پەرچەکردارە reaction کارلێکێکە interaction کە پێی دەگوترێت خوێندنەوەی رەخنەکارانەcritical reading باسکردنی ئەو شتانەی دەق دەیانڵێت، یان نایانڵێت؛ ئەو شتانەی دەق دەخوازێت بیانڵێت و نایانڵێت، یان ئەو شتانەی ناخوازێت بیانڵێت و دەیانڵێت.


رەخنە لەو بەرگ و بارەدا، راستە خۆ دەقێکە و دێت وەک بوونێکی دەرەوەی دەقی داهێنەرانە لەسەر ئەو دەقە دێتە دەنگ کە لێی دەدوێت و لەگەڵی دەدوێت، بەڵام ئەم دەنگ و دووانە ئەو کاتە ئامانجی خوێندنەوەیەکی رەخنەکارانە دەپێکێت کە لە ئەنجامی تێکەڵاویی ئاسۆی دەقی داهێنەرانە و ئاسۆی خودی دەقی رەخنەییەوە هاتبێتە ئاراوە. ئەو رەخنەیەی مەرامی خۆی لە پەیامی دەق پێ گرینگتر بێت، یان پەیامی خۆی بخاتە سەرووی مەرامی دەقەوە، بەسەر هەڵەی کوشندەی هەڵەکاریی نییەت intention-al fallacy دا کەوتووە: ئەو خوێندنەوەیەی کە تێیدا نییەتی رەخنەکار دەبێتە تاکە دەنگی دەقی رەخنەیی و هەر دەستبەجێ دڵی دیالۆگ کە گوترا مەنتیقی کاری دەقێکی رەخنەییە، لە کار و کەڵکی لێدان دەکەوێت. بەڵام گەر بێت و رەخنە ئایدیای خۆی بەسەر دەقدا بسەپێنێت و نییەت و نیگای تایبەت و مەرام و مەبەستی تاکڕەوانەی خۆی وەک بارێک لە شانی دەق شەتەک بدات، ئەو کات رەخنە لەبری گەیشتن بە چوارڕێیانی "بەسەرکردنەوەی ئایدیاکانی دەق" بەسەر جادەی تاک سایدی "داسەپاندنی ئایدیای خۆی بەسەر دەقدا" دەکەوێت. ئەگەر قەرزکردنی دەستەواژەکانی گوتاری سیاسی بۆ گوتاری رەخنەی ئەدەبی بە نائاسایی لە قەڵەم نەدرێت، تەعبیری تری ئەم حاڵەتە بریتییە لە "دیکتاتۆرییەتی دەنگی رەخنەکاری" یان "تۆتالیتاریزمی رەخنەیی".

کەواتە، رەخنە دەنگێک نییە لەسەر دەق، دەنگێک نییە بۆ دەق، دەنگێکیش نییە دژ بە دەق؛ رەخنە دەنگێکە لە پێناوی وەدەنگهێنانی دەق: دەنگێک کە دەنگێکی تر وەدەنگ دەهێنێت. رەخنە لە دەق دەدوێت و دەقیش دەخاتە دووان. رەخنە بە قسەی خۆی دەق وەقسە دەهێنێت. رەخنە قسە ناخاتە زاری دەقەوە، بەڵکو بە قسەکردنی خۆی قسە لە زاری دەق دەقۆزێتەوە. رەخنە هەڵوێست بەسەر دەقدا فەرز ناکات، بەڵکو لە هەڵوێستی دەقەوە هەڵوێست بۆ خۆی وەردەگرێت و لەم دانوستانەی هەڵوێستەوە هەڵوێستێکی نوێ دەخولقێت: هەڵوێستی رەخنەکارانە.


رەخنە سریشتی خۆی لە خۆیدایە، لەوەی سەرچاوەی دەنگە، ژێدەری هەڵوێستە، بەڵام ئەو سریشتە سەربەخۆیە ریشەی لە وابەستەبوونیدایە بە دەنگ و هەڵوێستی دەقەوە؛ دیسان هەمان پارادۆکسی گۆڕێن: خۆبژێوی ناسەربەخۆ یان سەربەخۆی ناخۆبژێو. لەم تەعبیرەدا، ناسەربەخۆیی یان ناخۆبژێوی هەڵگری دەلالەتێکی نەرێنی نییە بۆ رەخنە. رەخنە لەوەی پاش دەق دێت و بە دوای دەنگی دەقدا دەگەڕێت، نابێتە هۆی ئەوەی لە پێوەندیی نێوان دەق رەخنەدا پێگەی پاشکۆیەتی و پلە دوویی پێ ببرێت. هەر لە بنج و بناوانەوە رەخنە بۆ ئەوەیە دەق بخوێنێتەوە، بێ ئەوەی ئەم دەوری خوێندنەوەیە بۆ رەخنە ببێتە دەلیلی ئەوەی دەق یەکەمین و دواهەمین سەرچاوەی سەرهەڵدان و ئاخێزگەی ئافراندنی رەخنەیە. کەواتە، رەخنە دوای دەق دەکەوێت، بەڵام دوای دەق نییە، لەگەڵ دەقە؛ پاش دەق دێت، بەڵام پاشکۆی دەق نییە؛ هاوپێچی دەق نییە، هاوڕێی دەقە؛ دەنگی دەق نییە، هاودەنگی دەقە. رەخنە شوێنپێی دەق هەڵدەگرێت، بەڵام شوێنکەوتووی دەق نییە. ئەو رەخنەیەی هەموو شتێکی خۆی لە دەق وەربگرێت، سەربەخۆیی خۆی دەدۆڕێنێت؛ ئەگەر هیچ شتێکیش لە دەق نەکات، بە پاڵپشتی را و روانینی خۆی، تووشی تای تۆتالیتاریزمی رەخنەکارانە یان دەردی دیکتاتۆرییەتی رەخنەیی دەبێت. کەواتە، رەخنە لە دوو سەرچاوەوە پاراو دەبێت: ئەو ئاسۆی روانینەی دەق هەیەتی و ئەو ئاسۆی روانینەی خۆی هەیەتی. دەق ئۆبژەیەکە لەبەردەستی سووژەی رەخنە. عەینییەتێک دەکەوێتە بەر چاوی زەینییەتێک. لە ئاوێتەبوونی ئۆبژەی دەق و سووژەی رەخنە ئەو شتە بەرهەم دێت کە ناوی نرا "خوێندنەوەی رەخنەکارانە".

سووژە ناتوانێت جیهانی بۆش و بەتاڵ، دنیای بێ عەینییەت، شی بکاتەوە؛ جیهانی ئۆبژەش بەبێ سۆبژێکتیڤیتی قابیلی شیکردنەوە نییە. لە رەخنەدا، عەینییەت و زەینییەت، ئۆبژە و سووژە، دەکەونە نێو پرۆسەی "ئاوێتەبوونی ئاسۆکانەوە" و لە ئەنجامدا "تێگەیشتنی جوانیناسانەی لێ دەکەوێتەوە. هاوسەنگیی ئەم تێگەیشتنە ئەو کاتە دەستەبەر دەبێت کە دەق و رەخنە لە دانوستانێکی تەندروست یان دیالۆگێکی مەنتیقیدا بن: رەخنە مونیزمی (تاک لایەنێتی) ئایدیاڵیی خۆی بەسەر دەقدا فەرز نەکات و دەقیش تەنگ بە بیرۆکەی رەخنەیی هەڵنەچنێت. لە نێوان دەق و رەخنەدا دەبێت ململانێیەکی بەرامبەر و بێ بەرامبەر بێتە ئاراوە لە بیستن و گوتن، لە دانوستان. بەم پێیە، رەخنە بە تەنیا هەر چاوێک نییە بۆ بینینی رەهەندە دیار و نادیارەکانی دەق و هەر زمانێک نییە بۆ قسەکردن لەگەڵ کۆدە حازر و بزرەکانی دەق، بەڵکو گوێیەکیشە بۆ ژنەفتنی دەنگ و دیعایە و داوا ئاشکرا و شاراوەکانی دەق. رەخنە تەنیا لە بینین و گوتندا کورت نابێتەوە، بەڵکو لە بیستنیشدا چڕ دەبێتەوە. لەم سۆنگەیەوە رەخنە جووڵەیەکی ئۆرگانیکە، نەک دینامیکی، بزووتنێکی زیندەوەرئاسا نەک هەر بە مەبەستی مانەوە و نەمردن، بەڵکو لە پێناوی ژیان و بووژانەوەشدا. رەخنە لەڕێی خوێندنەوەی دەقەوە تەنیا بوونی دەق ناسەلمێنێت، بەڵکو ژیان و ژیانەوەی خۆیشی مسۆگەر و سەقامگیر دەکات. رەخنە لە دەق و لەگەڵ دەق دەدوێت بە مەبەستی ئەوەی بڵێت، ئەوە دەدوێم، کەواتە هەم.

رەخنە دەستوەردان لە دەق نییە، بەڵکو دەستتێکەڵکردنە لەگەڵ دەق بە مەبەستی تەتەڵەکردن و تاوتوێکردنی ئەو پاژ و پێگانەی دەق کە مانا و چێژی دەقیان تێدا تواوەتەوە. مانا و چێژ لە دەقدا پێویستیان بە رەخنە نییە بۆ ئەوەی مەوجوود بن، پێویستیان بە رەخنەیە بۆ ئەوەی بدۆزرێنەوە و بگوازرێنەوە. مانا و چێژ لە بوونی خۆیاندا سەر بە دەقن و لە ناسنامەکانی خۆیاندا سەر بە رەخنە. رەخنە پێناسەکەری ناسنامەکانی فۆرم و ماناگەلی دەقە. کەواتە، رەخنە نواندنی بوونی دەقە بەو چەشنەی کە هەیە، بەڵام نەک لە بەرگی ئەو جۆرەی کە لە زاتی خۆیدا هەیە، بەڵکو لەشێوەی ئەو خوێندنەوەیەی کە بۆ دەقی دەهێنێتە ئاراوە. رەخنە دەق لە ئاستی دەقێتیی رووت و ئەبستراکت دەترازێنێت و دەیگەیەنێتە ئاستی دەقێکی خوێندراوە و لێکدراوە، یان هەمان بەرهەم رەخنە دەق ناگێڕێتەوە، بەڵکو دەیخوێنێتەوە. رەخنە دەق بە زمانی خۆی دانارێژێتەوە para-phrase ، بەڵکو دەق شی دەکاتەوە. قسەیەک نییە لەسەر دەق، بەڵکو قسەیەکە لەگەڵ دەق. رەخنە دووبارەکردنەوەی دەق نییە بە زمانی خۆی، بەڵکو ناساندنەوەی دەقە لە زمانی خۆیدا. هەر بۆیە، رەخنە بڕیاردەر نییە، بەڵکو روونکەرەوەیە، روونکردنەوەی ئەوەی لە دەقدا هەیە، یان لە دەقدا دەقەومێت. بڕیار، کەواتە، خوێنەرەوەی دەق دەریدەکات، لەژێر رۆشنایی ئەو گڵۆپانەی رەخنە بۆ بینین و خوێندنەوەی دەق هەڵیاندەکات. رەخنە بڕیار نییە لە بری خوێنەرەوە بڕیار بدات، بەڵام بە قسەی خۆی و لە رێگای دەنگی خۆیەوە چوارچێوەیەکی بڕیاردانیش بە نیسبەت دەق بۆ خوێنەرەوە پێکدەهێنێت. ئەوەی رەخنە لە زەینی خوێنەرەوەدا دروستی دەکات بیرۆکەی بڕیارە نەک خودی بڕیار.



# گێڕانەوەی مێژوویی



حەمە فەریق حەسەن

ئەم وتارە بەنیاز نییە لە گرنگیی رشتەی مێژوو کەم بکاتەوە، چونکە ئەو کەسانەی گرنگی بە مێژوو نادەن، رەنگە رۆژێک لە رۆژان خۆیشیان بکەونە ئەو هەڵانەوە کە لە رابردوودا قەوماون. ئەوەندە هەیە، رۆماننووس و چیرۆکنووس هەر یەکە بە شێوازی تایبەت بە خۆیان مێژوو دەگێڕنەوە. تۆلستۆی لە رێی رۆمانەوە، مێژووی وڵاتی روسیای دەگێڕایەوە. جێمس جیوس مێژووی ئیرلەنداو هەرچی جۆرجی زەیدان-یشە بە شێوازی رۆمانتیکیانە مێژووی عەرەبی دەگێڕایەوە. رۆمان و چیرۆکی خەیاڵی زانستییان لێ دەرچێت، کە باسی رووداوەیلی ئەوتۆ دەکەن، لە داهاتوودا دەقەومێن و پێشبینین، بە گشتی خاڵی هاوبەشی نێوان ئەدەبی گێڕانەوە و مێژوو ئەوەیە، هەردوولا رووداوەیلی ئەوتۆ دەگێڕنەوە، کە لە رابردوودا قەوماون.

زۆر جاران، وەک چۆن فیلمی دۆکیومێنتاری پشت بە بەڵگە دەبەستێت، سەردنووسیش هەمان کار دەکات. رۆمانی مێژوویی بەو واتایە دێت کە ئێمە بەڵگەی مێژووییمان هێناوە، لەلای خۆمانەوە خەیاڵمان ئاوێتە کردووە. دەشێ بڵێین، هاتووین مێژوومان لە کەشێکی خەیاڵاویدا گێڕاوەتەوە. رۆماننووس دێت بە رێگەیەکی هونەری، رووداوەیل دەچنێت. دیارە کە رەگەزی چنینیش (پلۆت) سەر بە هونەری گێڕانەوەیە. واتە نووسەر دێت رووداو و کارەکتەر لە کات و شوێنی گونجاوی خۆیاندا دادەنێت و دەیانجوڵێنێت، تاکو کارەکتەر، ئەو ئەرکەی، کە نووسەر بەپێی نەخشە و پلانێک، رەنگی بۆ رشتووە، بە دروستی راپەڕێنێت. واتە سەردنووس دەست دەخاتە رشتەی مێژووەوە کە زۆر جاران رووداوەکان هی تەمەنی خۆی نین، بەڵکو زۆر لەمێژە روویانداوە.

نووسەر دێت، لە خەیاڵدانی خۆیەوە رووداوی ئەوتۆی بۆ زیاد دەکات کە کاتی خۆی (پادشا) بە خەیاڵیدا نەهاتووەو بیری لێ نەکردووەتەوە. ئەوەندە هەیە روودانێکی شیمانەکراوە. وەلێ نووسەر دێت، کارە ئەدەبییەکەی خۆی بە وەسف و وێنەی شیعری و جوانکاریی تر دەرازێنێتەوە، کەچی مێژوو بە زمانی راپۆرت دەنووسرێت. ئەم دێت دەیان کارەکتەری لاوەکیی نێرو مێی ئەوتۆ دەخولقێنێت کە مێژوونووس هەر ناویشی نەبیستوون و لاشی لێ نەکردوونەتەوە. ئەوەندە هەیە ئەدەب و مێژوو لەنێوان خۆیاندا جۆرێک لە دەق ئاوێزان چێدەکەن. یان وەک لیندا هیچیون دەڵێت: "رۆمان، لەناو مێژوودا جێی خۆی دەکاتەوە، بێئەوەی وەک رۆمان دەستبەرداری سەربەخۆیی خۆی ببێت."

مێژوونووس دێت، کارە باشەکان و گشت سەرکەوتنەکان دەداتە پاڵ پادشاو سەرکردە. ئەوەی پلە و پایەی لە خوار پادشا و سەرکردەوە بێت، قەپانی مێژوو نایخوێنێتەوە. لای مێژوونووس، نێرەکانن کە مێژوو دەخولقێنن. لەحاڵێکدا ئامادەبوونی رەگەزی مێ، لە ژانری رۆمان، یان لە چیرۆکدا هەم بۆ تەشویقە، هەمیش بۆ بەشداریی رەگەزی مێینەیە وەک مرۆڤ. لە ژانری رۆماندا هەر کارەکتەرە بەپێی توانا و کاریگەریی خۆی، لەسەر رووداو، لە خولقاندنی کەشوهەوای رووداودا، پشکی بەردەکەوێت. خوێنەریش هەست بە پشکداریی ئەوان دەکات.

رۆماننووس دێت لەپاڵ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات، جەنگ و سەرەوکاریی پرۆژەیل، کاری تر بۆ پادشا دەدۆزێتەوە. رۆمان دەست دەخاتە نێو ژیانی تایبەتی و پەنامەکیی پادشاوە. ئەم کارانە کە لەدەست سەردنووس دێن، بە رواڵەت وەک کاری لاوەکی دەردەکەون، بەڵام لە راستیدا لاوەکی نین، بەڵکو تەواوکاری ئەو رووداوە گرینگانەن، کە پێکەوە فەزا بۆ رۆمان خۆش دەکەن. رۆماننووس لێرەوە رەمز و ئاماژە دەئافرێنێت و واتاشیان پێ دەبەخشێت، ناکۆکییەکانیشی پێ تیژتر دەکاتەوە. تەشوقی پتریشی پێ دەبەخشێت، کاتێک ئەو لە خەیاڵدانی خۆیەوە گوتوبێژیان دەداتە پاڵ و چالاکیان دەکات. ئەو بەم کارانەی، جارێکی تر مێژوو دێنێتە ژێربار و ڕامی دەکات. لە وتاری مێژووییەوە دەیکات بە وتاری ئەدەبی.

دەتوانین بڵێین، رۆماننووس دێت سەرلەبەری ناسنامەی وتارەکە دەگۆڕێت. ئەگەر ئەرکی مێژوو ئەوەبێت، زانیاریی دروست لەمەڕ سەردەمێک بە خوێنەر بگەیەنێت، ئەی کەواتە رۆمان چ سوودێکی هەیە و لەپای چی دەنووسرێت؟

لەڕاستیدا رۆمان وێڕای ئەوەی ئەدەبە، کاری هەرە گرینگی ئەوەیە، ئەوسای کۆن بە ئێستاوە گرێ بدات و لەڕێی زەقکردنەوەی هەڵەکانی ئەوساوە لە لایەک، بە هونەریکردنیان لەلایەکی ترەوە، دەرسمان دادەدات و ئێمە ئەزموونیشی لێ وەردەگرین. چونکە ئەو هەڵە مێژووییانەی ئەوسا، شیمانەی دووبارەبوونەوەیان هەیە.

لە لایەکی ترەوە، تۆ ناتوانی رشتەیەک بدۆزیەوە، هێندەی رشتەی مێژوو درۆ و ساختەکاریی تێکەوتبێت. بە تایبەتی مێژووی رۆژهەڵاتی ناوین. رووناکبیرانی کورد دەزانن، چلۆن مێژووی ئێمە شێوێنراوە. سەددام حسێن دەهات ژێرکەوتنەکانی خۆی برێک ئارایشت دەکرد، ئەوجا بە نرخی سەرکەوتن بە گەلانی عێراقی دەفرۆشتنەوە. لەم رووەوە رۆماننووسی فرانسی، ئەناتۆل فرانس (1844_1924) سەبارەت بە رشتەی مێژوو، بە لاقرتێیەوە دەڵێت: "ئەو کتێبە مێژووییانەی، کە درۆ و ساختەکارییان تێدا نییە، تا رادەی مەرگ بێزارکەرن!" وەلێ رۆمانی مێژوویی، راستگۆیی هونەریی تێدایە، هێندێک جاران پەردەیش لەڕووی ساختەکاری و درۆکانی مێژوو هەڵدەداتەوە و، راستییەکان دەنووسێتەوە.

رۆمان، گرێ و چنین، کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی هەیە. گفتوگۆ، مۆنۆلۆگ، وەسف و کات و شوێنی تێدا بەگەڕخراوە و کرۆنۆلۆژیانەیش رووداو ناگێڕێتەوە، رۆمان ئاسۆیی بنیاتنانرێت، بەڵکو لە بیچمی چیادایە، لە بنارەوە سەردەکەوێت، تا دەگاتە لوتکە. پاشان دادەکشێت، گرێ دەکرێتەوەو بیرۆکەکەیش بە ئەنجام دەگات. رۆمان دەریالووشە، جیرپی تێدایە، جێی هەرچی شت هەیە تێیدا دەبێتەوە. لە نوکتەوە بۆ مەتەڵ، شیعر، زمانی سینەما، حیکایەت، شێوەکاری، رۆژنامە و زمانی وێنە. هەرچی رشتەی مێژووشە، لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی بە یەک ئاستی زمان دەنووسرێت. لە هەموو دۆخێکدا، بۆ رۆمان خەیاڵ رەگەزێکی گرینگە، کە خوێنەر بۆ لای خۆی کێش دەکات، لە حاڵێکدا مێژوو خەیاڵی تێدانییە. مێژوونووس دێت، واقعێکی وشکی رووت دەگێڕێتەوە.

دەتوانین بڵێین، رۆمانی مێژوویی، لە مێژووەوە هەڵدەقوڵێت و رۆمانی فیلۆسۆفی لە فەلسەفەوە. دیارە مێژوویش جۆگەلەیەکە، دەچێتەوە سەر رووباری مەعریفە. ئێمە لە سەربوردەی رابردووەوە فێری ئەوە دەبین چلۆن داهاتوویەکی جوانتر بنیات بنێین. وەلێ یادەوەری لە زەینی ئێمەدا دەقاودەق وەک خۆی نامێنێتەوە. بەڵکو لەگەڵ کۆنبوونیدا، گۆڕانی بەسەردا دێت. واتە ئێمە ناتوانین، ئەوەی هەزار ساڵ بەری نها قەوماوە، بەوردی و چلۆن روویداوە، ئاوا بیگێڕینەوە. بەڵکو دێین لەلای خۆمانەوە کلک و گوێی بۆ زیاد دەکەین، یان لێی کەم دەکەین. ئەوە بۆیە، تۆ دوو تاک نابینیت، رووداوێکی مێژوویی وەک یەک بگێڕنەوە، ئەگەرچی ئەوان مێژوونووسیش بن.

لە گێڕانەوەی مێژوودا، کارەکتەرەکان خۆیان نادوێن، ئەوە خودی مێژوونووسە کە لەبری پادشا دەدوێت. ئەو وشک و دوور لە نواندنی هەر جۆرە هونەرێک رووداوان دەگێڕێتەوە. دیارە گێڕانەوەی وەها هێزی سەلماندنی کەمترە لە لای وەرگر، وەک لەوەی کارەکتەرەیل خۆیان راستەوخۆ بدوێن. لە رشتەی مێژوودا، حیکایەتبێژ (الراوی) لە کارەکتەر گرینگترە. مێژوونووس حیکایەتبێژێکی هەمووشتزانە. هەر خۆیەتی، کە سەرلەبەری رووداوەکان دەگێڕێتەوە. لە رشتەی مێژوودا، حیکایەتبێژ وەک ئەو کەسە وایە کە یاری بە بووکەڵەکان دەکات. واتە کەسیەتییەکان، بە دەست مێژوونووسەوە، وەک بووکەڵەی بێ گیانیان لێ هاتووە، بە کەیفی خۆی گەمەیان پێ دەکات. کەچی چیرۆک، یان رۆمان خۆی خۆی دەگێڕێتەوە. ئەویش بەوەی رووداوەکان پیشان دەدرێن و بەرجەستە دەکرێن. کارێکی ئاساییە، ئەگەر ئێمە هەست بە بوونی رۆماننووس بکەین، وەلێ لە سەمتی دەقەکەدا نایبینین، ئەگەرچی هەمووومان سوور دەزانین، کە ئەم دەقە لەلایەن کەسێکی شارەزاوە رۆنراوە. چونکە ئەگەر خودی رۆماننووس بەهێز دەربکەوێت، ئەوا کەسیەتییەکانی پێ بێهێز دەبن و کارتۆنی دەردەکەون.

هەرچەند رۆماننووس بیەوێت بە باڵی خەیاڵ و بە هاوکاریی مێژووی نووسراو، هەوڵی دابڕان بدات بۆ ئەو سەردەمە مێژووییە بگەڕێتەوە کە بەسەرهاتەکانی تێدا قەوماون، دواجار هەردەبێت بێتەوە بۆ ئێستا و باسی حاڵی حازرمان بۆ بکات. گەڕانەوە بۆ مێژوو لە خۆیدا پاساوێکە بۆ وروژاندنی کێشەکانی ئێستای کۆمەڵ، کە لەوساوە هەتا ئێستا درێژەیان هەیە. لەسەریەک کەڵەکە بوون و بێ چارەسەر ماونەتەوە. واتە کێشەکان لە حاڵی حازردان. ئەو پرسانەی کە دەبنە چەق، پرسی ئێستان.





# موتەڵیب عەبدوڵڵا:

## نووسین ئیلتیزامی مرۆڤی هۆشیارە بەرانبەر زمان

گرنگیی نووسین چییە؟ ئەگەر نەنووسی چی روودەدات؟ ئەدەب و کولتووری رووداو لە تەوەری کۆتایی «بۆچی دەنووسن»دا بەپێویستی زانی ئەم هەڤپەیڤینە لەگەڵ شاعیر و لێکۆڵەر موتەڵیب عەبدوڵڵا بکات.

هەڤپەیڤین: بەشدار ساسی

**ئەدەب و کولتوور: بۆچی دەنووسی؟**

**موتەڵیب عەبدوڵڵا:** هێزی ئەو پرسیارە خۆی لە کەشفکردندا مەڵاس نەداوە، لە دووبارەبوونەوەدا وزەکانی خۆی نوێ دەکاتەوە. ئەوە تەواو پێچەوانەی زەمەنی لەدەستچووی ژیانی مرۆڤە، مرۆڤ ناتوانێ لە رێگای دووبارە گەڕانەوە بۆ قۆناغی، بۆ نموونە منداڵی، هەمان چێژ و خۆشیی قۆناغی منداڵی بەدەست بهێنێتەوە، یان لە دووبارەکردنەوە بگاتەوە هەمان چێژی لەدەستچوو. زەمەنی لەدەستچوو، چێژی لەدەستچووە. بۆچی دەنووسی؟ هەندێ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا، نووسین بە ژیان دەچوێنن: دەنووسم بۆ ئەوەی بژیم، بۆ ئەوەی بگێڕمەوە، بۆ ئەوەی لەخۆم بگەم، بۆ ئەوەی بڕوای خۆم رابگەیەنم. بەو مانایەش پرسیارەکە نزیکە لەوەی بۆ دەژی، بۆچی هەناسە دەدەی! هەندێ بە سەرچاوە نادیارەکان و هەستەکانی ناوەوەی دەبەستنەوە: نووسین تەعبیر لەهەڵچوونەکان و کپکراوەکان و وسبەلێکراوەکانی ناوەوە دەکات، نووسین بڕوابوونە بەزمانی دەربڕین، بڕوابوونە بە جوانی، هەندێ دەڵێن نووسین سەلوایە، هەندێکی دیکە دەڵێن وەک عەشق شەیدابوونە، هەندێ بوونی خۆیان وەک رووداو لە نووسیندا هەڵدەگرنەوە. ژاک دریدا دەڵێ نووسین ژەهر و تریاکە، بەو مانایەی کە نووسین نمایانکردنی جیاوازییەکانی ناخی مرۆڤە، نواندنی خۆشەویستییە بۆ ئەویدیکەی جیاواز. نووسین بونیادنانی پەیوەندییە لەگەڵ ئەویدیکەی بەرانبەر! نووسین ئیلتیزامی مرۆڤی هۆشیارە بەرانبەر زمان و پەیوەندی و خۆشەویستی. دەمەوێ بڵێم هەمیشە دەبێ زمان لە نوێوە دابهێنینەوە، ئەو رستەیە بە رستە شیعرییەکەی رامبۆی شاعیرەوە دەبەستمەوە کە دەڵێ: «دەبێ خۆشەویستی لە نوێوە دابهێنینەوە». مرۆڤ و مرۆڤبوون واتە پەیوەندیگرتن لەگەڵ ئەویدیکەی جیاواز، نووسین لە پەیوەندیگرتن بەدەر نییە، دواجار دەڵێم نووسین جۆرێکە لە منایەتی جوانی و چێژ. نووسین بۆ من کەوتنە نێو دنیای مەجاز نییە، نووسین دووبارە داهێنانەوەی ژیانێکی جوانترە، داهێنانەوەی پەیوەندییەکی مرۆڤانەترە، داهێنانەوەی خۆشەویستییە لە نوێوە، جوانی رێگایەکی گرنگی ئازادییە، من ئازادیی خۆم لە نووسیندا دەبینمەوە، دەمەوێ لە رێگای نووسینەوە جوانتر لە دنیا بڕوانم، من شەیدای دنیایەکی جوانترم، شەیدای چێژی ژیانم، بۆیە دەنووسم.

**ئەدەب و کولتوور: ئەگەر نەنووسی هیچ کێشەیەک لە تۆدا روودەدات؟**

**موتەڵیب عەبدوڵڵا:** کێشەی نووسین، کێشەی زمان و مەعریفەیە، من بنووسم یان نا، دنیا لە ئاو خواردنەوە ناکەوێ. باران دەبارێ، مرۆڤ خەو دەبینێ، رۆژ جارێکی دیکە دەردەکەوێتەوە. من بنووسم یان نا، وشەیەک نییە بڵێ موتەڵیب نامبینی چۆن بۆت دەسووتێم؟ کێشەی نووسین هەرگیز لەو شوێنەوە دەستپێناکات کە نووسەرێک واز لە تەختی نووسین دێنێ، بەڵکو کێشەی نووسین تایبەتمەندیی خۆی هەیە، مەرجی تایبەتی خۆی هەیە، کێشەی نووسین لە نووسیندایە. کێشەی زەرووەرەتی نووسین بۆ نووسەر کەوتنە نێو دنیای مەجازە. دووبارە دەڵێم نووسین بۆ من منایەتی جوانی و چێژە، نەک مەجاز و دەسەڵات! لەنێوان مەعریفە و زماندا کێشە نییە، بەڵکو جیاوازی هەیە، کێشە لە کورسی دەسەڵاتدایە. نووسینی ئەدەبی بە خەتی گەورە وەرامی هیچ کێشەیەک ناداتەوە، زمان نەبێ، چونکە زمان سەرەتا و کۆتایی کێشەیە، بەڵام کێشەیەک نییە بە یەکجار دیاری بکرێت! کێشەی گەورەی نووسینی ئەدەبیش ئەوەیە کە خۆی بە ئاسان بە دەستەوە نادات، کێشەی گەورەی نووسینی ئەدەبی لە فرە رەهەندیدایە، لە فرە ماناییدایە، لە ئاستە بەرزەکانی جوانیدایە... بە دیوەکەی دیکەدا نووسینی ئەدەبی هەمیشە لە نووسەر دەوڵەمەندترە. نووسەر بەپێی دوور و نزیکی لە مەعریفە بایەخ بە نووسین دەدا. نووسین بەپێی دوور و نزیکی لە زمان و مەعریفە پەیوەندییەکانی دادەمەزرێن.

**ئەدەب و کولتوور: زەرووەرەتی نووسین بۆ تۆ چییە؟**

**موتەڵیب عەبدوڵڵا:** ئەزموونی نووسین لە جەوهەردا تەجاوزکردنی کۆتوبەندی کۆمەڵگەیە، هەوڵێکە بۆ تەجاوزکردنی سنوورە باوەکانی مەعریفە، هەوڵێکە بۆ تەجاوزکردنی سنوورە باو و ئاساییەکانی زمان، ئەو سنوورانەی کە بە رواڵەتە ئاسایی و باوەکانی گرایمەر و هەبوو رازییە، ئایا زمان و مەعریفە لە داوا باوەکان و یاساکانی گرایمەر کورت دەکرێتەوە؟ نووسین ئەمەکداری نییە بۆ سنوورە باوەکانی مەعریفەی کۆمەڵگە و یاسا و رێساکانی گرایمەر و وەستان لە سنووری مانا لەکارکەوتووەکاندا، بەڵکو هەمیشە نووسەر ئاواتی تەجاوزکردنی سنوورەکانە، سنوورەکانی زمان، دابونەریت، مەعریفە، تاکو لەو رێگەیەوە هەمیشە بە سنووری هەستەکانی ئەویدیکەی جیاواز و مەعریفەی جیاواز بگات، بێگومان ئەوەش بۆ خۆی لە هەردوو ئاستی (تێگەیشتن) و (راڤەکردن) خۆی دەنوێنێ، لە ئەزموونی نووسیندا ئەزموونی زمان و مەعریفەیەکی دیکەی جیاواز دێتە ئاراوە. بۆ من نووسین نزیکە لە پێکەنین، بەو مانایەی کە پرۆسێسکردنی کرانەوە و ئازادییە، دەشێ نووسین پێکەنینی ناوەوەی مرۆڤ بێت بە رووی دەرەوەدا، مرۆڤ دەتوانێ لە رێگەی پێکەنینەوە تەعبیر لە ئازادیی کرانەوە بکات. نووسین پێکەنینە بەو مانایەی کە بکرێ رەسەنایەتی و یاسا باوەکان و مانا لەکارکەوتووەکان لە ئاوڕدانەوەی خۆیان بخات و لە پیرۆزی رووتیان بکاتەوە، کاتێک کە دەڵێین نووسین پێکەنینە، بەو مانایەیە کە ئەویدیکەی جیاواز و کپکراو و وسبەلێکراو لە ترس ئازاد دەکات، کاتێک ئەویدیکە لە ترس ئازاد دەبێت، ئیتر پێویستی بە هیچ پیرۆزی و خواوەندێک نامێنێ، بەو مانایە نووسین پرۆسێسکردنی کرانەوە و ئازادییە. هیچ دەق و گوتارێک لە دنیادا نییە، نێودژی

## من ئازادیی خۆم لەنووسیندا دەبینمەوە

و جیاوازی لەخۆدا هەڵنەگرتبێ، بەرجەستەکردنی ئەو نێودژی و جیاوازییانەیە، خودی ئەو نێودژی و جیاوازییانە لە رێگەی تێگەیشتن و خوێندنەوە و راڤەکردنەوە دەردەکەوێ. نووسین دامەزراندنی بونیادێکی نوێیە بۆ نێودژییەکانی مەعریفە و ژیان و زمان لە هەردوو ئاستی دال و مەدلوولدا لە تۆڕێکی پڕ جیاوازی خۆی دەدۆزێتەوە، جارێکی دیکە نووسەر دەکەوێتە ئەو تۆڕەوە. نەک هەر لە زمان بەڵکو لە ناخی هەموو شتێکی بەڕواڵەت سەربەخۆ و ئامادەدا ئەو جیاوازییە وجوودی هەیە! دریدا نووسین بە کردارێک دادەنێ کە دژی دەربڕین دەکەوێتەوە، نائامادەیی دەنگ دەنوێنێ، ئەو جیاوازییەی کە دریدا جەختی لێدەکاتەوە، بریتییە لە جیاوازیی نێوان ئامادە و نائامادە. بەڵام جارێکی دیکە وەزیفەی وشەی دەربڕاو بە ئاماژەی زمانەوانییەوە دەلکێنێ، وشەی دەربڕاو لە ناوکۆیی جۆراوجۆردا خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەو مانایەش وشەی دەربڕاو دەکەوێتە دەرەوەی قسەکەرەوە، دریدا پێیوایە مانای زمانەوانی بەهۆی یارییە جیاوازەکانی نێوان وشەکانەوە نەخشەی بۆ دەکێشرێ، ئەو یارییانەش سنوورێکی دیاریکراو و کۆتاییداریان نییە، بەو مانایەش جیاوازیی یارییەکان بەهۆی فیکری ئەسڵی و نیازی پێشوو، یان نیازێک لە دەرەوەی زمان دیاری ناکرێ، بەڵکو لە ناوەوە و بە هۆی نێودژی و جیاوازییەکانەوە بەرجەستە دەکرێ. کەواتە نووسین نە دەرچوونە لە سیستەمی باوکایەتی (ئەفلاتوون) و نە دەرچوونە لە سیستەمی دایکایەتی (رۆسۆ). نووسین گەمەی داڵەکانە، تەعبیرکردنە لە گەمەی داڵەکان لە ئاسۆیەکی ئازاد و کراوەدا.

## نووسین لەنێو کۆمەڵگەی هۆشیار و پێشکەوتوو نەبێ هیچ رێزێکی بۆ دانانرێ

هەرگیز نووسین بۆ وێنەی جەستە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆخۆی جەستەیە و چێژ لە خۆپیتێنی خۆی وەردەگرێت، لە ناوکۆیی خۆی، خۆی بەرهەم دەهێنێ، هێزی خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە، نووسین گەمەیە، لە رێگەی ئەو گەمەیەوە جیاوازییەکان دەردەکەون، ئەوەش لەلایەک خۆشەویستی دەگەیەنێت بەو مانایەی کە ئارەزووی ئەویدیکە دەکات، لەلایەکی دیکەش دووبارەکردنەوە، یان رێگادانە بە نێودژییەکان تاکو خۆیان لە پەیوەندییەکی دیکە دووبارە بکەنەوە. بۆ من نووسین ئارەزووکردنی جوانی و چێژە، نەک دەسەڵات.

نووسین بۆ من مەجاز و دەسەڵات، رەنگکردنی جیاوازییە، ئیمان نییە، جگە لەوەش نووسین سەرمایەیەکی مەعنەوییە، ئەو سەرمایەیەش لە نێو کۆمەڵگەیەکی هۆشیاردا بەرجەستە دەبێت، کۆمەڵگەیەک کە بشێ رێز لە مرۆڤ بگرێ، رێز لە ئاستەکانی هۆشیاری و داهێنان بگرێ، کۆمەڵگەیەک کە هێزی داهێنان ناس بکات، ئێمە دیلی کۆمەڵگەین، لە تەواوی رۆژهەڵاتدا مرۆڤی ئازاد بوونی نییە، چونکە کۆمەڵگەی ئازاد بوونی نییە، قسەکردن لە تاک و تاکگەرایی، لە ئازادیی تاک لە نێو کۆمەڵگەی رەگەزپەرستی و کۆمەڵگای خێڵەکی و تیرەپەرست و هۆزخواز بێمانا دەکەوێتەوە، قسەکردن لە مرۆڤی ئازاد لە کۆمەڵگای خێڵەکیدا قسەکردنێکی بێمانایە، کۆمەڵگەی خێڵەکی تاکی یاخی لێدەکەوێتەوە، نەک ئازاد. لەبەر ئەوەی نووسینی ئەدەبی پێویستی بە ئازادی و فەردانییەتە، لەبەر ئەوەی نووسین لەنێو کۆمەڵگای هۆشیار و پێشکەوتوو نەبێ هیچ رێزێکی بۆ دانانرێ، کەواتە زەرووەرەتی نووسین لە چیدایە؟ زەرووەرەتی نووسین لە نێو کۆمەڵگەی دواکەوتوودا هەندێجار گاڵتەجارانە و هەندێجار مەرگەساتئامێزە.

## زمانی کوردی لە رووی ماناوە هەژار و لە رووی مەعریفییەوە کورتبینە

**ئەدەب و کولتوور: هیچ کاتێک تەنها بۆ ئەوە نووسیوتە کە ناوت وەک نووسەرێک بمێنێ؟**

**موتەڵیب عەبدوڵڵا:** من هەر لە پۆلی دووەمی سەرەتایی کە لە قوتابخانەی باباتاهیری هەمەدانی بووم، بەهرەی وێنەکێشانم تێدا دەرکەوت، زۆربەی منداڵانی دەورو دراوسێ کاتێ لە قوتابخانە مامۆستای وێنە داوای دروستکردنی وێنەی لێدەکردن، دەهاتنە لای من و من وێنەکانم بۆ دەکێشان. لە وێنەکێشاندا دەستم رەنگین بوو، بەو منداڵییەی خۆم وێنەم بۆ ئەو کچانەش دەکێشا کە لەسەر بەرگی بالیف گوڵدۆزییان دەکرد. کە چوومە پۆلی سێیەمی سەرەتایی، لە رێگەی مامۆستای وێنەکێشانەوە هەموو هەفتەیەک وێنەیەکم بۆ هەڵواسراوەی قوتابخانە دەکێشا و لەنێو قوتابخانە هەڵیاندەواسی و لە نمایشی ساڵانەی پێشانگای قوتابخانەکاندا بەشداریم هەبوو. دوای ئەوە خەتخۆشیش بووە بەهرەیەکی دیکەی من و لە پۆلی چوارەمەوە هەموو مامۆستاکان منیان بۆ نووسینی سەر تەختەڕەش هەڵدەبژارد و بەشێک لە کارەکانی نووسینی تەختەڕەشیان بە من دەسپارد. لە پۆلی پێنجەمەوە کەڵکەڵەی خوێندنەوە کەوتە سەرم و لەلایەن باوکمەوە ئەو کەڵکەڵەیەم پەرەی پێدرا و یەکەم کتێب کە باوکم بۆی کڕیم حیکایەتی دز و قازی بوو، ئێواران بۆ ماڵەوەم دەخوێندەوە، دواتر رۆستەمی زاڵ. کە قوتابخانەی سەرەتاییم تەواو کرد، لە قوتابخانەی زانیاری هەر لە پۆلی یەکەمەوە ژووری وێنەکێشان کە لە هەمان کاتدا مەکتەبەش بوو، بووە شوێنی کاری وێنەکێشان و چالاکییەکانم، مامۆستا محەمەد خەتاب لە وێنەکێشاندا زۆر هاوکاریی دەکردم و هانی دەدام، بەڵام من هەمیشە چاوێکم لە خوێندنەوەش بوو، کتێبەکانی ئەو کتێبخانە بچووکەم یەکە یەکە دەخوێندەوە، لەو بارەشەوە مامۆستای کوردی شێخ بابە عەلی بەرزنجی هەمیشە بۆ خوێندنەوە هانی دەدام و هەمیشە لە داڕشتنی وانەی کوردی پلەی باشی بۆ دادەنام. ئەوەی لە هەموو ئەو گێڕانەوەیە لەبارەی بەهرەی وێنەکێشان و حەزی خوێندنەوەوە دەمەوێ بیڵێم، ئەوەیە کە نووسین بۆ من ئارەزوو بووە، نەک مەجاز و دەسەڵات. مرۆڤ پنتێکی بچووکی گەردوونە، لەگەڵ مردن دەڕوا و هەرگیز ئاوڕ ناداتەوە، مانەوەی ناو بە نەمری تەنها قسەی زیندووەکانە، هەرگیز مردووەکان بیرناکەنەوە، بواری ئەو قسانەیان نە لە ئاسمان نە لە زەوی بەدەستەوە نییە.

**ئەدەب و کولتوور: تاکەی دەنووسی؟**

**موتەڵیب عەبدوڵڵا:** نازانم، چونکە تا لە مردن نزیک بیتەوە چێژی ژیان باڵاتر خۆی دەنوێنێ، ئەوە هەم گرفتی دەسەڵاتە و هەم گرفتی منایەتی جوانی و چێژە، هەموو مرۆڤێکیش لە ناوەوەی خۆی جیاوازە، ئەوە گرفتەکەیە، گرفتەکە لە منی نووسەرەوە نییە، من بنووسم یان نەنووسم هیچ لە مردن کەم ناکاتەوە، هیچ لە زیندووە مردووەکانیش زیاد ناکات، ئەوەی من بە نووسینەوە گرێدەدات زمانە، ئەوەی لە نووسینیشم دەکاتەوە زمانە. من نانووسم بەڵکو زمان لە مندا قسان دەکات!

**ئەدەب و کولتوور: نووسەرانی کورد بە گشتی وەک یەکتری و لە چوارچێوەیەکدا نانووسن؟**

**موتەڵیب عەبدوڵڵا:** بێگومان هەموو کولتوورێک دەرکەوتنی خۆی هەیە، هەمیشە ئەویدیکەی جیاواز پەیوەندی بە کولتووری جیاوازەوە هەیە، هەموو نووسەرێکیش کوڕی کولتووری خۆیەتی و ئەوەی ماوەیەک لە چەرخی بیستەم بە ناوی نووسەری گەردوونی بەرجەستە کرا، ماوەیەک بوو پاشان کاڵبووەوە. تێگەیشتن لە نووسەر لە دەرەوەی ئەو کولتوورەی تێیدا پەروەردە بووە، تێگەیشتنێکی کەمخوێنە، بۆیە چەمکی نووسەری گەردوونی بێنموود مایەوە. ئەگەر ئەو پرسیارەی تۆ لە چوارچێوەی کولتوورێکی دیاریکراو بێ، دەتوانم بڵێم رەنگە بەشێکی پەیوەندی بە ئاستی مەعریفە و ئاستی هوشیاریی نووسەرەکانەوە هەبێت، وەک چۆن بەشێکی پەیوەندی بە دنیابینی و خوێندنەوەی جیاوازەوە هەیە! دەتوانم بە شێوەیەکی گشتی بڵێم ئاستی نووسینی کوردی لە رووی دنیابینی و مەعریفەوە نزمە، زمانی کوردی هەتا ئێستا لە رووی ماناوە هەژارە، لە رووی مەعریفەوە کورتبینە، هیچ پێناسەیەکی بۆ دنیا نییە، جارێکی دیکە دەپرسم ئایا دەتوانین (مانا، بونیاد و باوک)ی زمانی کوردی دیاری بکەین؟ یان زمان وەک تێگەیشتن لە ئازادی، وەک شێواز، وەک دەلالەت لە نێو ئەدەبی کوردی دیاری بکەین؟ ئەوەش جەختکردنەوەیە لەو پرسیارە: ئایا دەتوانین بۆ نموونە چەمکی (جوانی) لە نێو زمانی واقیعی کوردی و چەمکی (جوانی) لە نێو شیعری کلاسیزمی کوردی کەمەکێک لێک نزیک بکەینەوە؟ جوانیی سرووشت لای (گۆران) و جوانیی سرووشت لە واقیعدا کەمێک بەیەک بچوێنین؟ زمان پرۆسەیەکە لەسەرەخۆ بەرەو پێشەوە دەڕوات. ئایا بەخشینی مانا، بەخشینی دەلالەت لە زمانی کوردیدا پەیوەندی بە کەشفکردن و جێهانبینی تاکی کوردییەوە هەیە؟ ئایا زمانی کوردی توانیویەتی دنیا بکاتە بابەتێک بۆ تاقیکردنەوەی توانستە خەفەکراوەکانی خۆی، بۆ ئاشتەوایی. ئایا زمانی کوردی توانیویەتی مانا و پڕبوونی مانا بکاتە هێزێک بۆ ئاشکراکردنی جەوهەری بەتاڵی خۆی. پێموایە ئەدەبی کوردی دیوارێکی پۆڵایینی لە نێوان خۆی و دوورنیازیی زمان دروستکردووە.

# رووتکردنەوەی زمان لە ململانێی شارچێتیدا



رەسووڵ سوڵتانی

## بەرایی:

رووتکردنەوە و هەژارخستنەوەی زمان لە سەردەمی تەکنۆلۆژیا و شۆڕشی زانیارییەکاندا، مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر زمانی ئەو گەل و نەتەوانەی هێشتا کیانێکی سیاسییان نییە و سیستەم و دامەزراوەیەکی ئەوتۆیان نییە زانستیانە پشتی زمانەکەیان بگرێ و دەوڵەمەندتری بکات. ئێستا ئەم مەترسییە لەسەر زمانی کوردی بە زەقی و خەستی، هەستی پێ دەکرێت. راستە شەپۆلی نووسین و وەرگێڕانی کتێب لە زمانە جیاجیاکانەوە و رۆژ بە رۆژ پڕتربوونی کتێبخانەی کوردی لە کتێبی جۆراوجۆر جێی دڵخۆشییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە هێندێ ئاماژەی مەترسیدار دەکرێ کە پێویستە زەنگی مەترسییان بۆ لێ بدرێت و نووسەر و وەرگێڕە زمانخۆشەویستەکان و مشوورخۆران و دڵسۆزانی زمانی کوردی وەئاگا بێنەوە.

## مەترسییەکان:

پۆڵ ریکۆر دەڵێ: گەورەترین مەترسیی رۆشنبیری و کولتووریی لەم سەردەمەدا، رووتکردنەوەی زمانە و دابەزاندنێتی بۆ نزمترین ئاست هەتا ئەوەی دەیکەنە ئامرازێکی چاودێریی شارەزایانە بەسەر شتەکان و بنیادەمەکاندا. پۆڵ ریکۆر پێیوایە زمان کە نزمکرایەوە و کرا بە ئامراز، ئیتر پێشناکەوێ و گەشە ناکات و دەڵێ: ئەو بەئامرازکردنەی زمان مەترسیدارترین مەیل و ویستی رۆشنبیرییە کە تێیدا تەنیا چاوەڕوانیمان لە زمان ئەوەندەیە پەیامەکەمان بۆ بگوازێتەوە و هیچی تر".

ئێستا زمانی کوردی تەواو خراوەتە ئەم دۆخی بەئامرازکردنەوە و ئەگەر میدیای کوردی بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە تایبەتمەندی و توانا و دەرەتانەکانی زمانی کوردی و یەکسەر کردوویانەتە ئامرازێک بۆ گەیاندنی پەیامەکانی رۆژانەیان و لەو سۆنگەیەشەوە زمانەکەمانیان تەواو داڕنیوە و رووتیان کردووەتەوە، مخابن نووسەر و وەرگێڕەکانیشمان لە بری ئەوەی راستکەرەوەی زمانی خواروخێچی میدیا بن، هەر کامە و بە بیانوویەک خەریکی رووتکردنەوەی زمانی کوردین و بەشێکیان هەر گوێڕایەڵی زمانی میدیاکانن و دەقاودەق وەک میدیاکان دەنووسن. راستە زمانی میدیا دەبێ زمانێکی بێ پێچوپەنا و بێ گرێوگۆڵ و سادە و رەوان بێ، بەڵام تێکدانی رستە و دارشتنەوەی رستەکان بەپێی رێزمانی دەرودراوسێ بە بیانووی دروستکردنی زمانی میدیایی، نەک پاساوهەڵگر نییە بگرە تاوانێکی گەورەشە. ئێمە دەتوانین زمانێکی میدیایی رەوان و سادەشمان هەبێ بەبێ ئەوەی زمانەکەی خۆمانمان شێواندبێ، کە لە دەرفەتێکی لەباردا بە وردی باسی ئەم مەسەلەیە دەکەمەوە.

## ترس لە وشەی خۆماڵی و بەکەمگرتنی خوێنەر:

یەکێک لە بیانووەکان بۆ رووتکردنەوەی زمان ئەوەیە کە خوێنەر نابێ لە هەر لاپەڕەیەکدا سەر بە هەنبانەبۆرینەدا بکا و بزانێ ئاخۆ مانای فلانە وشە چییە. ئەمە پاساوێکی خراپە. دابەزاندنی قەڵەم و نزمکردنەوەیەتی تا ئاستی خوارخوارەوەی کۆمەڵگە. تۆ کە بخوازی یەکێک بە پەیژەیەکدا سەر بخەیت، باشترین حاڵەت ئەوەیە پلەیەک لەسەرووی ئەوەوە راوەستی و دەستی بگریت. وشەی کوردی ئەگەر نامۆش بێ، خوێنەری زیرەک لە دووتوێی رستەدا دەستبەجێ لێی تێدەگا و ئەگەر تۆزێکیش دڕدۆنگ بێ لە تێگەیشتنەکەی، ئینجا سەر بە قامووسی کوردیدا دەکات. ئەوکات تۆ بەو کارەت هەم دەقەکەی خۆتت دەوڵەمەند کردووە، هەم خوێنەرەکەت پلەیەک هەڵکێشاوەتە سەرەوە.

## بەناوچەییکردنی زمان:

دەمارگرژیی شارچێتی، نەخۆشییەکی دیکەیە کە لە سیاسەتەوە بازی داوەتە نێو زمانەکەمانەوە و خەریکە زمانی کوردی وەک داوەڵێک لێ دەکات کە تەنیا پەڕۆوپاڵی ئەو شارەی پێوەمابێ کە لەوێ چەقێنراوە. ترس لە وشە و دەستەواژەی ناوچەکانی دیکەی کوردستان بەهیچ شێوەیەک خزمەتی زمانی شار و ناوچەکەی خۆت ناکا. شار هەیە لەم کوردستانەدا کە رووناکبیر و خوێندەوارەکانی و بەشێک لە دەزگا رووناکبیری و چاپەمەنییەکانیشی، بەبێ هیچ بەڵگەیەکی ئەقڵانی و قەناعەتکەر پێداگرانە دەڵێن: "خەڵکی شارەکەی ئێمە کتێب و نووسینی نووسەر و وەرگێڕانی فلان شار ناخوێننەوە". وەک بڵێی فلانە شارەکە، بە زمانی دێوودرنج بنووسن.

یان: "ئەم وشە و دەستەواژانە ئێمە بەکاریان ناهێنین و پێویستیشمان نین، زمانەکەی ئێمە ستاندەرە و لێمان مەشێوێنن". لە حاڵێکدا رۆژانە دەیان شەپۆلی رستەتێکدان و زاڵکردنی تایبەتمەندییە رێزمانییەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی بەسەر زمانی کوردیدا خەریکە زمانەکەمان دەخنکێنێ و ئەو بەڕێزانە مێشێکیشیان میوان نییە، بەڵام بە بیستنی دەستەواژە و ئیدیۆم و وشە خۆماڵییەکانی خۆمان دەماری لاملیان هەڵدەستێ، بۆچی؟ چونکە ئی شارەکەی ئەوان نین. زمان بە ئیدیۆم و دەستەواژەی جۆراوجۆرەوە جوانە، کە تۆ دەرگای شارەکەتت لەسەر وشە و دەستەواژە و ئیدیۆمی شار و لادێ و ناوچە جیاجیاکانی وڵاتەکەت داخست و قەناعەتت بەو حەوسەد هەشتسەد وشەیە کرد کە لەنێو شارەکەی خۆتدا پێی دەنووسی، زۆر ناخایەنێ هەموو شاعیر و وەرگێڕ و نووسەر و رۆژنامەنووس و لێکۆڵەرانی شارەکە، زمانی نووسینیان یەکدەست و وەک یەک دەبێ. ئیتر هیچ جیاوازییەک لە نووسین و زمانی نووسەراندا بەدی ناکەیت. ئەوەیش واتە کوشتنی زمان. وەک ئەوەیە باڵندەکانی نێو باخێک ناچار بکەیت هەموویان بە یەک دەنگ بخوێنن. ئاخر وەک چۆن مرۆڤ لە گۆرانیگوتندا، هەر کەسە و تۆن و رەنگی دەنگی دیارە، ئاوا لە نووسینیشدا جیاوازییەکان بەرچاون بەو مەرجەی یەکدەست نەکرابن و زمانەکە بەهەموو تایبەتمەندییەکانییەوە پارێزرابێت.



# له رۆژێک درێژتر ...!

دلاوەر قەرەداغی

دەمێکە خەتم بەسەر رۆژەکاندا نەهێناوە
وەک ئەوەی زەمەن تێنەپەڕێ
وەک بڵێی هەر هەموو رۆژەکان
تاقە رۆژێک بن
بەڵام رۆژێکی درێژ درێژ،
زۆر زۆر درێژ بێ!

پەرش و منالآنە و خەمسارد،
رژاو رەش و سپی وەک زیخ
من پشکم نییە لە شوێن
هێشتا گڤەی ئەو گێژەڵووکە رەنگاو رەنگە کێوییانە
لە گوێمدایە
کە رۆژانێک سپی سپی
بە هەر چواردەورمدا
هەڵیاندەکرد!

دەرەوە تەم
ئاسمان بە جۆرێک
کە ئەقڵ نایبڕێ
دوور
خەڵکانێک لە ناو تەمەکەوە
بە کوردی دەست ڕادەوەشێنن
ئاخۆ بەخێرهاتنی کەسێک
لە دوورەوە دەکەن،
یان خۆیان خواحافیزی دەکەن و
بۆ جێگەیەکی دوور دەڕۆن؟

ئەمڕۆ بەڕێوەم بڕۆم بۆ جێگەیەک
بەڵام هەر دەڵێی دوێنێیە،
کە لەوێ هاتوومەوە،
لە سبەینێش دەچێ
کە نە دوێنێ بەڕێوەبووم بۆ ئێرە و
نە ئەمڕۆیش لەوێ دەبم!

مانگ سارد ساردە،
وەک منداڵێک،
کە شتێکی دەگمەن و جوانی لە ئێوارەیەکی بەفردا
لێ ون بووبێ،
بە دەستی چەپی سینگی هەڵدەکۆڵێ و
بە دەستەکەی تری،
ناو زوقم بە دوای دڵی شکاویدا
دەگەڕێ

شەممەیەک
لە بەردەم باخی گشتیی شاردا
رادەوەستیت و
لەنێو لیستی بێ سەروشوێنانی هەفتەدا
بە دوای ناوی مندا دەگەڕێیت
کەچی ناوی خۆت دەبینیت
هەمان رۆژ
لەبەر وێستگەی ناوەندی شاردا
رادەوەستم و
لە نێو لیستی باڵندە کوژراوەکانی ساڵدا
بۆ ناوی تۆ دەگەڕێم،
کەچی ناوی خۆم بە پاشناوی تۆوە دەبینم

رۆژێک لە رۆژان
غەریبییمان هەر بۆ خۆشی
بە قەدی یەک دەگرین
باڵای غەریبیی تۆ قولانجێک لە هی من بەرزتر دەردەچێ
ئیرەیی دامدەگرێ،
تومەز تۆ گزییت کردووە و
خۆت لەسەر پەنجەی پێ هەڵبڕیوە
کاتێ بە سەرزەنشتەوە سەرنجی ئەوە دەدەم،
پێدەکەنیت و رێک رادەوەستیتەوە
ئیتر غەریبیمان بە قەد یەک و
هێندەی یەکی لێدێتەوە.
کەس فەرقی پێ ناکا،

ئەگەر شاڵی غەریبییەکەی من بە شانی تۆوە بێ
یان ملپێچی غەریبییەکەی تۆ
ئاڵابێ بە ملی منەوە

هەمیشە لە سەفەرداین
بۆ لای یەکتر،
کە من دەچم تۆ دێیتەوە
کە تۆ دێیت من دەڕۆمەوە
دوایین جار
هەردووکمان لە وێستگەی قیتار
پێکەوە لە یەک ریزدا رادەوەستین،
من بلیت بۆ ئەوێ بۆ لای تۆ دەبڕم و
تۆیش بلیت بۆ ئێرە و
بۆ لای من دێیتەوە!

وردە وردە
هەموویانم
وەک پەلک و گەڵای کۆن و وشک و رزیو
لێ دەبنەوە
دواجار هیچم پێوە نامێنێ
تۆ نەبێ،
وەک ئاڵایەکی بریندراری دوای جەنگ
بە قەڵای دوور و دێرینی ئەم تەنیاییەوە،
غەمگین .. غەمگین
شین ... شین
دەشەکێیتەوە

چاڵێکی بچکۆلە
لە گڵە سوورەی ئاست چەپی سینگمدا هەڵکۆڵە
تا کاتێ باران دەبارێ
باڵندە تینووەکان بێن و
کورد .. کورد
لە چاڵاوی دڵم
بخۆنەوە!

مای 2017
سلێمانی